# خەتەنە کردنی ئافرەتان لە نێوان یاسا و شەرع و زانستدا

تەحسین جەوهەر نەجم



خەتەنەکردن دیاردەیەکی جیهانییە و لەزۆربەی وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسـیا و بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا پەیرەو دەکرێت، بەپێی لێکۆڵینەوەکان بەدەیان کەس لە جیهاندا بونەتە قوربانی ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی خەتەنەکردن گیانیان لەدەست داوە،و هەندێکیشیان تووشی نەخۆشی و لاوازی ورووژانی سێکسی و منداڵ نەبوون بوون و گەلێک جاریش پاکیزەیی لەدەست دەدەن. بەپێی راپۆرتێکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ ١٣٠-١٤٠ ملیۆن ئافرەت لەجیهاندا زیاتر لە ٧٠٠٠ حەوت هەزار ئافرەت رۆژانە خەتەنەدەکرێن و بە رێژەی زیاتر ١٥٥ ملیۆن ئافرەتی خەتەنەکراو لە جیهاندا هەن، رۆژانە لە جیهاندا رووبەرووی ئەم دیاردەیە دەبنەوەو تەنیا لە وڵاتانی رۆژئاوا بەرێژەی ١،٩٩ ٪ لەدایکان سوورن لەسەر خەتەنەکردنی منداڵەکانیان . زیاترین وڵاتانی کەخەتەنەی ئافرەتانی تیایدا ئەنجام دەدرێت بریتین لە مصر کە ٩٧٪ ی خەتەنەکراون و مالی والسودان و عێراق و اریتریا ٩٠٪ خەتەنەکراون.، بەپێی راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بلاوکراوەتەوە کە بەرێژەیەکی زۆر خەتەنەکردن لە ناوچەکانی هەڵەبجە و گەرمیان و کرکوک بڵاوبۆتەوە کەبە زیاتر لە ٦٠٪ مەزندەی دەکات، بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەنوسێکی هۆڵەندی کە چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پزیشکانی نەخۆشخانەکانی کوردستان ئەنجام داوە، باس لەوە دەکات کە لەسەر زمانی پزیشکێکی کورد دەیگێڕێتەوە کەبۆ ماوەی ٢٥ ساڵە لە نەخۆشخانە کاردەکات ژمارەیەکی زۆر لە خوێن بەربوون لە ئافرەتان لەکاتی خەتەنەکردن دەگەنە نەخۆشخانەکانی کوردستان و زۆربەیان لەتەمەنی گەورە دان و لەلایەن پیاوەکانیان دوای شوو کردن بە زۆر کاری خەتەنەیان پێ دەکەن چونکە بەقسەی پیاوەکانیان خواردنی دەست ئافرەتی خەتەنە نەکراو پیسە،هەر لەراپۆرتەکەدا هاتووە کە لەناوچە دوورەکان خەتەنەکردنی ئافرەتان بەهۆی ئاگر یان ئامێریکی تیژ ئەنجام دەدرێت بەمەش لەدایک بوونی سروشتی ئەستەم دەبێت و توشی ساردی جنسی دەبێت . هەر لە راپۆرتەکەدا هاتوە کە ئەم دیاردەیە لەدوایی ساڵی ١٩٩١ زیاتر تەشەنەی کردووە دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی نیمچەدورگەی عەرەبی و وڵتانی باکوری ئەفەریکا و ناوەڕاستی ئاسیا لە رێی ئێرانەوە هاتنە ناو گوندەکانی کوردستان.

**لەرووی یاساییەوە:**

هەرچەندە یاسای وڵاتان جیاوازن هەریەکەیان بەجۆرێک سەرنج دەدەنە ئەم دیاردەیە .بەلام ئەوەی نکۆلی لێناکرێت هەموو ولات و نەتەوەیەک لەسەر ئەم دیاردەیە هەلوەستەیان کردووە، ئێمە لێرەدا بەکورتی بەم شێوەیە دەیخەینە روو.هەروەک لەلیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەبریاری ٢٠٠٣/٢٨ لەرۆژی ٦-٢ ی هەموو ساڵێک داناوە بۆ رۆژی جیهانی بۆ روبەروبونەوەو نەهێشتنی دیاردەی خەتەنەکردن،و لەکۆنگرەی (جنێف ) لە ٦-٢-٢٠٠٨ رێکخراوی تەندروستی جیهانی رایگەیاند «کە خەتەنەکردن زیان بەتەندروستی ئافرەتان دەگەیەنێت زۆر جار ئافرەتان توشی خوێن بەربوون دەبن بەشێوەیەکی فەرمی داوای نەهێشتنی ئەم دیاردەیە کرد لە هەموو وڵاتان لەرێگای یاساکانیانەوە.وە بەپێی راپۆرتی (یونسێف ) کە ٣ ملیۆن ئافرەت ساڵانە خەتەنەدەکرێن . بۆیە

تەنیا لە کیشوەری ئەفەریقا ١٤ وڵات بەشێوەیەکی رەسمی لەرێگای یاساوە ئـەم دیاردەیان بە تـاوان داناوە،وە بەپێـی رێککەوتنامـەی ( کوتونو) تا ئێسـتا ٧٩وڵات واژۆیان کردوە بۆ نەهێشـتنی دیاردەی خەتەنەکردن، بـەڵام عێراق لـەم رێککەوتننامەیە بەشـدار نەبووە،ئەوەی شایانی باسە لەهەریـەک لـە وڵاتانی (نەمسـا و بەلجیـکا و فەرەنسـا و دانیمارک و بەریتانیـا و نەرویـج و ئیسـپانیا و سوێد) بەشـێوەی فەرمی و لەرێگای یاساوە خەتەنەکردن قەدەخەکراوە.

## خەتەنەکردن لە مێژوودا:

ئـەم دیاردەیـە مێژوویەکـی کۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵانی (٣٥٠٠ ق.م ) واتا سـەردەمی بابلییەکان و سـۆمەرییەکان و لەسـەردەمی فیرعەونیەکانیش ئەم دیاردەیە ئەنجام دراوە،واتا ئەم دیاردەیە لە پێش هاتنی ئاینـی ئیسـلام هەبووە،لەنەتەوەی (الیهودیـە، جـوو) پەیـڕەوی ئەم دیاردەیە دەکرێت بەڵام کریستانەکان بەهیچ جۆرێک منداڵەکانیان خەتەنە ناکـەن و بە کارێکی خراپ و گوناهی دەزانـن. نەتەوەی عـەرەب هەر لە کۆنەوە منداڵەکانیـان خەتەنەکردوە بەبیانووی ئـەوەی پێغەمبەر ابراهیم (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمانی داوە ئەم کارە ئەنجام بدەن.

## خەتەنەکردن لە ئیسلامدا:

زانایـان بیروبۆچونـی جیـا و تەنانەت دژ بەیەکیان هەیە لەسـەر دیاردەی خەتەنەکـردن، هەریەک لە پێشەوا (شـافعی و احمد و اوزاعی ) پێیان وایە خەتەنەکردن (سـونەتە) بەڵام پێشـەوا (مالیـک ) پێی وایە هەر کەسـێک خەتەنە نەکرێت نابێت وتەکانی تەنانەت بـە گەواهیدەریش وەربگیرێـت. شـێخی ئەزهەر دکتۆر محمد سید تەنتاوی، موفتی کۆماری میسـر دکتۆر علی جمعـە، بڕیاریان داوە بـە حەرامکردنی خەتەنەکردنی ئافرەتـان، چونکـە خەتەنەکردن لە شـەریعەتی ئیسـلامدا نییە و داب و نەریتێکـی فیرعەونییـە و زیـان دەگەیەنێت بە جەستە و تەندروستی مرۆڤ.

## کاتی خەتەنەکردن بۆ پیاوان:

د. محمـد علی البار دەڵێت: باشـتر وایە منداڵ خەتەنـە بکرێت لەرۆژی دوای لەدایکبوونی تا ٤٠ شەو چونکە بەمە کۆمەڵێک نەخۆشـی لێ دوور دەکەوێتەوە،پرۆفیسۆر ویزویل یەکێک لە یارانی نەهێشـتنی ئەم دیاردەیە هەر لەسـاڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٩٠ بەڵام لەدوایـیدا لەپەرتەکەکەیـدا دەلێت «پێویسـتە هەموو منداليک خەتەنە بکرێت چونکە لەکۆمەلێک نەخۆشـی سوربونەوەی مولولەکان و نەخۆشی ئاوەڕۆی میزەڕۆیی دووردەکەوێتەوە.

## سوودەکانی خەتەنەکردن:

خەتەنەکـردن لـە رووی تەندروستییەوە.

خەتەنەکـردن خۆپاراسـتنێکە بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە توشـبوونی (هەوکردنـی مولولـەکان ): چونکە ئەگەر مرۆڤ خەتەنـە نەکرێت ئەوا زۆرجـار بەتەواوی خاوێـن نابێتەوە لە پاشـماوەی (میـز ) و بەدووبارە بونـەوەی ئەم دیاردەیـە جۆرێک لە ماددەی «Smegma» دروسـت دەکات ئەمەش بەرۆلی خۆی هەوکردن دروسـت دەکات. د. جنـز برغیش لەلێکۆلینەوەکەیـدا دەڵێت لە ٩٥٪ ی منداڵانـی توشـبوو بە هەوکردن لەو منداڵانەن کـە خەتەنە نەکراون. هەروەها پرۆفیسـۆر ولیم بیکوزدوای ئەوەی بۆ ماوەی ٢٠ بیسـت سـاڵ لـە وڵاتانـی رۆژئاوا ژیانی بەسـەر بـرد لە وتەیەکیدا دەڵێت « کەمی نەخۆشیەکانی سێکسی دەگەرێتەوە بۆ خەتەنەکردنی پیاوانیان. هەروەها پرۆفیسـۆر کلو دری و پرۆفیسـۆر اولبرتـس جەخت دەکەنەوە لەسـەر ئەوەی کـە (١١٠٣) پیاو لە ولایەتە یەکگرتوەکانـی ئەمەریکا توش بوون بە نەخۆشـی شـێرپەنجەی چووک هیـچ لەوانـە خەتەنـە نەکرابوون. پرۆفیسـۆر اولبرتس دەڵێت «کەمتر ئەو ئافرەتانە توشـی شـێرپەنجەی رەحـم دەبـن کـەوا پیاوەکانیـان خەتەنەکراوە»،ئەوەی شایانی باسە د.تەها بعشر خەتەنەکردن کاریگەری خراپـی هەیە لەسـەر تەندروسـتی ئافرەت و گەلێکجـار خوێن بەربوون روودەدات و هەندێکجـار نەخۆشـی درێژ خایەن پەیـدا دەکات و بەپێی راپۆرتێکی نەخۆشخانەی سعودی کە خەتەنەکردنی ئافرەتان پێشلکردنێکە بـۆ ئامێـری زاوزێـی ئافـرەت و کاریگـەری نێگەتیڤی هەیە لەسـەر ئافرەت و هەندێکجار تووشـی جگە لە خراپی باری تەندروسـتی ئافرەت توشی هەندێک نەخۆشـی دەروونی دەکات وەک هیسـتیریا و هەڵچوونی بەشێوەیەکی خێرا.